

**ئالآی ئازادی لەمێزگردێکی رۆژنامەوانیدا سەبارەت بەپرسەکانی ژنانو بوونو کاریگەری رێکخراوەکانو هەڵوێستی دەسەڵاتو هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی توندوتیژی سازکردو هەریەک لە (شیلان حەمە نوری) وەک توێژەری کۆمەڵایەتیو هەڵسوڕاو لەبواری ژناندا، لەیلاخان لەیەکێتی ژنان سازکرد.**

**ئا: ئیدریس عەلی**

ئیدریس عەلی: لەپاش راپەڕینەوە رێژەی توندوتیژیو کوشتنی ژنان بەشێوەیەکی ترسناک زیادی کردووەو ئامارە رەسمیەکان بەئاشکرا باس لەبوونی رێژەیەکی زۆر دەکەن لەکوشتنو توندوتیژی دژ بەژنان، هاوکات چەندین رێکخراویش بەناوی ژنانەو درووستبوونو بەڵام رەنگە تائێستا نەیانتوانیبێت وەکو پێویست کار بۆ بەرگرتن لەتوندوتیژی بکەن... بەرای تۆ ئەو هۆکارانە چین کەتائێستا نەتوانراوە ئەوکارانە بکرێن؟

لەیلا خان: زۆر هۆکار هەیە چ سیاسی چ کۆمەڵایەتی، ئێمە وەکو یەکێتی ژنانی کوردستان هەوڵی زۆرمانداوە تا مەینەتیەکانی سەر ژنان کەم بکەینەوەوە هەوڵی جدییمان داوە کەژنان ئاشنابکەین بەمافەکانی خۆیان، چونکە تائێستا ئاشنانین بەمافەکانی خۆیان، ئەو توندوتیژیەش کە لە کولتوری ئێمەدا، لە بابو باپیرمانەوە بۆمان ماوەتەوە واهەستدەکەین ئەبێ بەشێوەیەکی تەدریجی بڕوات، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کەوایکردووە ژنان مافەکانی خۆیان نەناسن، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ توندوتیژی لەخێزانەکەیەوە تادەگاتە ئەو شوێنەی کاری تێدادەکات، ئێمە چەندین توندوتیژیمان هەیە.. جەستەییمان هەیە، دەروونیمان هەیە، بەراستی ئێمە ناتوانین تەنها باس لەیەک توندوتیژی بکەین لەسەر ژنان، لەراستیدا ژن وەک کاڵایەک تەماشا دەکرێت، لەماڵەوە کاردەکاتو سێکس دەکات لەگەڵ مێردەکەیدا ئیتر بەزۆر بێت یان بەئارەزووی خۆی، لەکارکردنیشدا بەهیچ شێوەیەک حسابی دەرەجە دووی بۆنەکراوە، ئێمە دەپرسین بۆچی توندوتیژی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا زۆربووە؟ من دەیگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە ژنان هەستیان کردووە کە رێکخراوەکان بەرگریان لێدەکەن، جاران کەسێک یان رێکخراوێک نەبوو بەرگریان لێبکات لەبەرئەوە کەس نەیدەزانی ئەو ژنە توندوتیژی لەسەرە تەنها لەچوارچێوەی ماڵەکەی خۆیدا دەمایەوەو کۆمەڵگە پێی نەدەزانی، تەنانەت ئەگەر خۆشی کوشتبێت شاردویانەتەوەو نەیانهێشتووە کۆمەڵگە پێی بزانن، بەڵام تۆ تەماشا ئێستا رێکخراوێکی زۆر هەیە کەهەموویان هاوار دەکەن و لەسەر کێشەو مافەکانی ژنان دێنە وەڵام و وایانکردووە ئەو مەسەلانە بگەیەننە بەرزترین ناوەندی

دەسەڵات، ئەمەش وایکردوو ئەگەر ژنان لەخێزانەکانی خۆیاندا توندوتیژیان بەرامبەر بکرێت، یەکسەر ڕێکخراوەکانی لێ ئاگاداردەکەنەوەو ئیتر قبوڵی ناکەن، ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆئەوەی توندوتیژیەکان دەربکەونو کۆمەڵگە پێیان بزانێت، لەراستیدا ئەم توندوتیژیە بەر لەراپەڕینیش هەر هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە بووەو کەس پێی نەزانیوە، بەڵام ئێستا کۆمەڵگەی لێ ئاگاداردەکرێتو هەمووکەس پێیدەزانێت بەتایبەت لەرێگەی ڕێکخراوەکانی ژنانو سەنتەرەکانەوە بانگەشەی ئەوەدەکەن. ئەگەر ژنان توندوتیژیان لەسەر بێت بەرگریان لێدەکەنو دەچن بەهانایانەوەو لەرێگەی یاساییەوە کێشەکانیان بۆچارەسەردەکەنو کاری یاساییش بۆ ئەو ژنانە دەکەن، کەهەڕەشەی کوشتنیان لەسەرەو لەناو خێزانەکانیاندا مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا دەکەن، تەنانەت ئێمە سەردانی چەندین بەڕێوەبەرێتیمان کردووە ژنان گلەیی ئەوەدەکەن کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لەکارکردندا لەگەڵ پیاواندا، بەرای من ئەمانەش بەشێکن لەتوندوتیژی.. ئێمەی ڕێکخراوەکانی ژنان هەمیشە بەدەم داواکاریەکانی ژنانەوە دەبینو دەچین بەهانایانەوەو بەهەموو شێوەیەک هاوکاریان دەکەین. کەواتە مەسەلەکە ئەوەیە کە توندوتیژیەکە دەرکەوتووە، ئێمە کێشەی ژنانمان لەشوێنە دوورە دەستەکاندا هەیە، ژنان لەوشوێنانەدا بەیانی تا ئێوارە خەریکی کارکردنن، شەوانەش کەمێردەکانیان هاتەوە ئەبێ جێبەجێکەری فرمانەکانی مێردو پیاو بن، بەڵام بەهۆی بوونی ڕێکخراوەکانی ژنانەوە لەوشوێنانەدا وایانکردووە هۆشیاری لەناو ژناندا بڵاوبکەنەوەو ئاشنایان بکەن بەمافەکانیان و فێریانکردوون ژن کاڵا نییە، هەر بۆئەوە نەکراوە لەلایەن پیاوانەوە بچەوسێنرێنەوە، ئەمانەش وایانکردووە کەژنان چاوکراوەترو هۆشیارتربن. دیارە ئەمەش کاریگەری ڕێکخراوەکانی ژنانە، تەنانەت ئێمە کاریگەرییمان لەسەر ژنانی کوردستانی ئێرانیش داناوە کە لەوشوێنانەوە کە کێشەیان هەبێت، هانا بۆ ئێمە دێننو دەیانپارێزین یاخود کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکەین.

ئیدریس: شیلان خان تۆ تاچەند پێتوایە ڕێکخراوەکانی ژنان لەئاست کێشەو داواکاریەکانی ژناندا بن؟ ئایا پێتوانییە ئەم ڕێکخراوانە ئەمەندەی لەچوارچێوەی حزبەکانیانو ئەوسیستمە سیاسیو کولتورە دارێژراوەی بۆیان دیاریکراوە کاردەکەن کەمتر بەجدی کار بۆ مەسەلەکانی ژنان دەکەن؟ ئەڵبەت ناشڵێم هەر هیچیان نەکردووە، بەڵام وەکو پێویست کاریاننەکردووە بەهۆی مانەوەیان لەژێر کاریگارییە سیاسیو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی حزبدا؟ ئایا پێتوانییە ئەمەش وای کردبێت ژنان کەمتر متمانەیان بەم ڕێکخراوانە هەبێت کەلەژێر چەترو ئایدۆلۆژیای حزبدا کاردەکەن؟

شیلان حەمە نوری: ئەگەر ئێمە باس لەو ڕێکخراوانە بکەین کە ئێستا لەکوردستاندا کاردەکەن ئەبێ بەدوو جۆر باسیان بکەین، یەکەمیان ئەو ڕێکخراوانەن کە ناحکومینو نارەسمین، بەڵام لەلایەن یەکێک لەحزبەکانەوە دەعم دەکرێن، ئەمەش وایکردووە هەریەک لەو ڕێکخراوانە ببنە پاشکۆی حزب و حزبیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ هاوکاری ئابووری دەکات، ئەمەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم ڕێکخراوە پاشکۆیە کەهەشە لەسەرەوە ئاماژەی پێنادرێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا بەڵێ پاشکۆیە، ئەمەش وادەکات بەشێک لەکارەکانیان سست بکات بەحوکمی ئەوەی ئەو ئایدۆلۆژیا سیاسیەی کە ئەم ڕێکخراوە لەچوارچێوەی حزبەکەیاندا کاردەکەن سنور بۆکارەکانیان دیاری دەکەنو ڕێگەشیان نیشان دەدات ئەگەر مەسەلەیەک بێتە پێشەوە، حزب تەوجیهیان دەکات کەچۆن کاری لەسەر بکەن، چونکە حسابی ئەوەدەکەن ئەو مەسەلەیە کێشەی سیاسی حزبێکی تری تێدا نەبێت ئیتر ڕێکخراوەکە ناتوانێت لەو سنورە دەربچێتو تەوجیهاتەکە جێبەجێنەکات، بۆیە زۆرجار ئەو ڕێکخراوانەی کەپاشکۆی حزبن، مەسەلەی ژنان دەکەنە قوربانی مەسەلە سیاسیەکانی حزب، ئیدی لێرەوە مەسەلەکانی ژنان دەبێتە قوربانی مەسەلەی حزبەکانو عەشیرەتەکانو کەسایەتیەکان، بەڵام مەسەلەیەکی تر کەمن بەگەورەتر دەیبینم کە کێشەکانی ژنان لەجاران زیاتری کردوە حوکمی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێت رەوتی کۆمەڵگە ناوەستێ هەر بەرەو پێشەوە دەڕوات، گۆڕان حەتمیەتی ژیانە، بۆیە ئەگەر تەماشا بکەین لەبواری تەکنەلۆجیادا پێشکەوتنێکی بەرچاومان بەخۆمانەوە بینیوە.. هەروەها گۆڕانی باری ئابووری هۆکارێکی دیکەیە ئێمە لەئاستێکی ئابوری خراپەوە هاتینە ئاستێکی باش.. تەماشاکە ئێستا خەڵک پارەکانی بۆ رەفاهیەت خەرج دەکات، جاران تەنها خەمی دابینکردنی بژێوی ژیانمان هەبوو.. هۆکارێکی تر لەوانە تارادەیەکی هۆیەکانی راگەیاندن پاڵپشتێکی باشن بۆئەوەی کە خەڵک بزانێت توندوتیژی دژ بەژنان مافی پیاو نییەو وەزیفەیەک نییە وەک جاران کەوایان دەزانی پیاو دەبێت لەژنان بدات، تەنانەت لەیەکەم شەوی زەواجدا دارێک دەدرا لەسەری بوکەکە، ئەمە

جاران بەشێک بوو لەکولتوری ئێمە کەپیاو مافی ئەوەی هەیە لەژنەکە بداتو بەرامبەری توندوتیژ بێت، بەڵام بەهۆی راگەیاندنەکانەوە بەشێکی زۆر لەژنانو پیاوان لەوە تێگەیشتوون کە ئەو پەیوەندیەی نێوان ژنو پیاو بەتوندوتیژیو لێدان ناچێتە پێشەوە، بەڵکو بەرێزو خۆشەویستیو پەیوەندی هاورێیانە دەچێتە پێشەوە، ئەو بەرەو پێشچونەی باسمکرد وای لەژنان کردو چیتر بەو پەیوەندیە کۆنە رازی نەبن و بەرەوپێشچونە ئابوریەکەش وایکردووە کەچۆن لەکۆمەڵگەی پیاوسالارییدا پیاو تەنها بیر لەچێژەکانی خۆی دەکاتەوەو چۆن بەخۆشی رابوێرێت لەژیاندا ئەمانە بووەتە هۆکارێک بۆ زۆر بوونی توندوتیژی، ئەگەر ئێمە بێین پێداچونەوەیەک بکەین بۆیاساکانی عێراق هەمان ئەویاسایانە دەبینین کەلەساڵی 1957 دارێژراوە، ئێمە لەپاش ئازادی عێراقو دامەزراندنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 1992 ئێمە وەک رێکخراوەکانو کەسایەتیەکانو یاساناسەکان بانگەشەمان کردووە کە دەبێت یاساکان بگۆڕدرێت.

ئیدریس: ئەی بەڕای تۆ بۆچی تائێستا ئەویاسا کۆنانە نەگۆڕدراون، ئایا کاری بۆنەکراوە لەلایەن رێکخراوەکانەوە یاخود دەسەڵات کەمتەرخەمە؟

شیلان: من دەیگێڕمەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەمیان کەمتر خەمی دەسەڵاتی کوردییە بەشێوەیەکی گشتی، کە ئەوەندەی سەرقاڵبوون بەکێشەو ململانێ سیاسیو حزبیەکانیانەوە ئەمەندەی سەرقاڵ بوون بەکێشەی دەسەڵاتو پارە، ئەمەندە خەمی کۆمەڵگەیان نەخواردووە، هۆکارێکی تریان ئەوەیە کە خەمخۆرێکی ئەوتۆ نییە ئەوانەشی کە بانگەشەی ئەو گۆڕانکارییە دەکەن دەسەڵات هاوکاریان ناکات لەبەر ئەوە نەمانتوانیوە تائێستا ئەو گۆڕانکاریە ئەنجام بدەین، لەوانەیە تاکوتەرا توانیبێتمان بڕیار دەربکەین و شکستیشی هێنا، بەڵام ئەگەر ئێمە بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو گۆڕانەی بەسەر کۆمەڵگەدا هاتووە، کەنزیکەی شانزە ساڵ دەکات زۆکەمە، لەبەر ئەوە نەبوونی یاساو نەبوونی هۆشیاری تاکەکانو پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆجیا بەوشێوەیە و زۆربوونی پارەو رەفاهیەت لای خەڵک ئەم تونوتیژیەی زۆرتر کردووە.. ئەوەشمان لەبیر نەچێت بوونی رێکخراوەکانو چوارچێوەی کارکردنو چالاکیان سنوردار کراوە. ژنێک ناتوانێت بۆ نمونە ژنێکی وەکو من لەرێکخراوێکدا ئیش دەکەم ئەگەر کەسێک هانام بۆ بێنێت ئەوکاتە دەچم بەهانایەوە لەبەرئەوە یاسایەکمان نییە حەسانەیەکی قانونیمان نییە کەئەگەر من گوێم لەهاواری ژنێک بێت یان تەلەفونێکم بۆ بکرێت ژنێک بڵێت شیلان وەرە بەهانامەوە، من چۆن بتوانم سەربەخۆ بچمە ناوماڵەکەو ناو مەوزوعەکەوە، ئێمە تائێستا ئەوەمان بۆ نەکراوە تەنانەت لای ئێمە پۆلیسەکانیش ئەو سەڵاحیەتەیان نییە، ئەمە شتێکە لەکوردستاندا کە دەستو پێی هەموومانی بەستووە، وەک رێکخراوەکانو کەسایەتیەکان و بنکەکانی پۆلیس، کەتوندوتیژی لەگەڵدا دەکرێت. ئەبێت کەسی شکاتکار هەبێت، وە لەسەدا نەوەدی ئەوانەی توندوتیژیان لەگەڵدا دەکرێت، رێگەی ئەوەیان نییە. بێنە دەرەوە یاخود ئەو هۆشیاریەیان نییە کەبێنو هانابەرن بۆ پۆلیس، لەبەرئەوەش کەهاتە پۆلیسخانە کێشەکەی بەتەڵاقو کوشتن کۆتایی دێت لەبەرئەوە ناوێرێت بێتە بنکە پۆلیس، لەبەرئەوە بەبڕوای من پێویستە گۆڕان لەسیستمی یاساییدا بکەین، پێویستە رێکخراوەکانی ژنان دەستکراوەبن و بەرەهایی بتوانن کار بۆ مەسەلەکانی ژنان بکەن، هەروەها پێویستە لەگەڵ هاتنی هەمووشتێکی تازەدا هۆشیاری لەگەڵدا بێت..دواجار حەزدەکەم ئاماژە بەو راپۆرتە بکەم کەلەم رۆژانەدا لەرێگەی سایتێکی دانیمارکی موعتەبەرەوە پێمگەیشت کەئاماژە بەبوونی لیژنەیەکی ئەکادیمی دەکات کە توێژینەوەیان هەبووە لەسەر کوشتنی شەرەف دەڵێت لەماوەی پانزە ساڵی رابردوودا سی هەزار ژن بەتاوانی ئابڕوو کوژراون، ئەگەریی لەهەموو شەڕی براکوژییدا دە هەزار پیاو کوژراوە.. بەراستی ئەمە رێژەیەکی زۆر ترسناکە کەبەشەر تووشی سڕبون دەکات، باشە لەم ماوەدا ئەم رێژەی کوشتنەی ژنان هەیە ئەی باشە ئەم ماوە ئێمە چیمانکردووە؟ رێکخراوەکانی ژنان چیانکردووە؟ ئەی حکومەت چیی کردووە کەمن دڵنیام حکومەت ئاگایان لەم رێژە ترسناکە هەیە، بەڵام نایانەوێت ئاشکرای بکەن ئەمەش وەک مەسەلەیەکی ئەمنی قەومی چاو لێدەکات، بەڵام من ئەمەوێت بەحکومەت بڵێم ئەگەر ئەمە ئاشکراناکەیتو وەک مەسەلەیەکی ئابڕوچوون بۆ ئەمنی قەومی سەیری دەکەیت ئەوا لەهەمووی ئابڕووچوونتر ئەوەیە، کەرۆژانە لەسایتەکاندا وێنەی کوشتنەکان دەبینین بڵاودەکرێنەوە. وەک ئێستا هەموان دەیبینین لەدوای کوشتنی دوعاوە کوشتنەکان زۆر زیادیان کردووەو شێوازی کوشتنەکان ئەکادیمی تر بوونەتەوە، لەبەرئەوە خەڵک چاوکراوەن بینیان کە شورتەو پۆلیسو دەسەڵاتی پارتێک کچێک تەسلیمی عەشیرەت دەکەنەوەو ئەوانیش وەک چۆن قالۆنچەیەک دەکوژن ئاوا دوعایان کوشت

بەبێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت بەری چاوتان کلی پیوەیە، هەرچەندە ئێستا هەست دەکەین چ لەژێردەسەڵاتی پارتی یان یەکێتی واتە لەسلێمانیو هەولێر حەرەکەیەک درووست بووە و هەستدەکرێت ئەیانەوێت شتێک بکەن بۆ ئافرەت و سنورێک بۆ توندوتیژی دابنێن، بەڵام پێویستە ئەم کارانە بەزوویی بکرێن بەتایبەت دەرچوونی یاسای دژی توندوتیژی.

ئیدریس: لەیلاخان گوێت لەو رێژەیە بوو کە شیلان باسی کرد.. بێگومان مەترسیدارە وانییە؟ بەڵام تۆسەیرکە بوونی رێکخراوەکانو دەسەڵاتێک کەهەمیشە بانگەشەی ئەوەدەکات کە پاڵپشتی ئافرەتانو مەسەلەکەیانە . رێکخراوەکانی ژنانیش لەبۆنە سیاسیەکاندا بەردەوام ستایشی رۆڵی حزبو دەسەڵات دەکەن، کە چۆن چۆنی هەوڵی حزبو دەسەڵات بەرز دەنرخێنن، بۆ پاڵپشتی رێکخراوەکانی ژنانو مەسەلەی ژنان کەچی گوێبیستی ئەم ئامارە ترسناکانە دەبین؟

لەیلا: وەک شیلان ئاماژەی پێدا ئەو قانونانەی لەمەحاکمدا هەیە هەر ئەوانەیە کە لەسەردەمی رژێمی پێشوودا هەبووە، ئەمانە بۆخۆیان کاریگەری خراپیان هەیە بۆنمونە وەزیری ناوخۆ کۆبوونەوەیەکی کردووە لەگەڵ هەموو بنکەکانی پۆلیسدا کە بتوانن بەزووترین کات بچن بەهانای ئەوژنانەوە کە توندوتیژییان لەسەرە یان ئازاری جەستەییان لەسەرە، لێرە پۆلیس خۆی موعاناتی هەیە، چونکە تائێستا دەستکراوەنین.

ئیدریس: پۆلیس وەک تاکێک دەستکراوە نییە ئەی وەک سیستەمو یاساو دەسەڵات؟

لەیلا: لێرە ئەگەر ئەو بنکەیە بتوانێت سەڵاحیەتی ئەوەی هەبێت کەهاوکاری تاکە کەسێک بکات لەشوێنێکدا ئەمە بۆ هەموو شوێنەکان وەک یەکدەبێتەوە، یەکەم دەسەڵات کەهەیبێت مەحاکمە، ئێستا من نمونەیەکم لەبەردەستدایە لەیەکێک لەبنکەکاندا هاوکاری ژنێکی کردووە کە مێردەکەی سەرخۆشبووەو ویستوویەتی بیکوژێت بەڕێوەبەری بنکەکە ویستوویەتی هاوکاری ژنەکە بکات کەچی بڕیاری گرتنی بەڕێوەبەرەکە دەرچووە لەبەرئەوەی هاوکاری ئەو ژنەی کردووە.. ئاخر لێرە یاسانییە یاسایەک نییە بڵێت تۆ بڕۆ لەماڵەوە یەکێک بێنەرەوە دەرەوە ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵدا بکە، بەراستی یاساکان دەستی هەموومانی گرتووە، رێکخراوەکانی ژنان ئەگەر سەڵاحیەتی ئەوەیان هەبێت بچن بەهانای ژنێکەوەو لەماڵەوە بیهێننە دەرەوە، کەسوکارەکەی ئەسڵەن حیساب بۆ رێکخراوەکەشت ناکەن و تاوانبارەکانیشت بۆناگیرێت، ئەگەر بیشیگرن سەیردەکەین بەدوو رۆژ ئازادی دەکەن، لێرە ئەبێت پەیوەندیەک هەبێت لەنێوان پۆلیسو رێکخراوەکانو ئەو ژنانەدا و پێویستە یاساش هەبێت بەرگری لەم مەسەلەیە بکات.. باشە بۆ ناتوانرێت ژنێک لەمیحنەتێک رزگار بکرێتو یاساش پشتیوانی لێبکات؟ رێکخراوەکانی ژنانیش ئەگەر لایەنێکیان لەپشتەوە نەبێت ناتوانن هیچ کارێک ئەنجام بدەن، ئەم کارانە پێویستە لەناو پەرلەماندا باس بکرێنو یاسایان بۆ دیاری بکرێت.

ئیدریس: جابۆچی ناکرێت تۆ ئەتەوێت ئەم پرسیارانە ئاراستەی کێ بکەیت؟

لەیلا: ئاراستەی ئەوژنە پەرلەمانتارانەی دەکەم کە بەعەقڵی پیاو بیردەکەنەوە.. ئێمە ئەگەر بیستو پێنج ژنمان هەبێت لەوانەیە دوو ژنمان هەبێت دەستی بەرزبکاتەوە و لەگەڵ مەسەلەی ژناندا بێت، بۆنمونە لەپەرلەمانی عیراقدا ئەوژنانەی کەهەمانە توندرەون.

ئیدریس: لەیلاخان بەراستی ئێمە کۆمەڵێک ژنمان هەیە کەبەجدی کار بۆ مەەلەی ژنان دەکەنو هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ژنانن بۆچی ئەم کەسەباشانە ناچنە ناوەندەکانی بڕیاردان؟ ئایا پێتوانییە چونکە حزب پیاوسالارە ئەوژنانە دەباتە ناوپەرلەمان کە وەک پیاو بیردەکەنەوە؟

لەیلا:هەردووحزبە بالادەستەکە رۆڵی خۆیان هەیە بانمونەیەکت بۆ بێنمەوە هەردوو بڕیاری 62 لەگەڵ 59 کەدژی توندوتیژیە یاخود کوشتن لەسەر شەرەف ئەمە بڕیارێک بوو لەسلێمانی دەرچوو، لەهەولێر ئەسڵەن حیساب بۆ ئەم بڕیارە ناکرێت ئێستاش کەئەم دووحکومەتە بوونەتە یەک ئەم بڕیارە وردە وردە خەریکە لەبەین دەچێت، بۆمەسەلەی فەژنیەکەش کە 62 وە لێرە کاری پێدەکرێت لەوێ پێی ناکرێت، کەواتە ئەم بڕیارە دجەچێت یان نا چ حسابێکی بۆ دەکرێت، بێگومان لێرەشدا حزب رۆڵی خۆی هەیە، بۆنمونە ئێستا من باس لەرێکخراوی خۆمان دەکەم وەک بەڕێوەبەری سەنتەرێک سەڵاحیەتی تەواوم هەیە ئەگەر تائێستا تەداخولی قەزیەیەکی ژنێکم ەکردبێت لەمەحاکمو شورتەدا لەسەر ئەوەی توندو تیژی لەگەڵدا کرابێت هیچ کەسێک رێگرم نەبووە وەبەتەحەداشەوە دەڵێم تائێستا 275 قەزیەم لەلابووە

**توانیومه زۆبەیان چارەسەر بکەم تەنها 18 قەزیەم لەلاماوە، وەتوانیویمە تەداخولی گەرەترین قەزیە بکەم بەبێ ئەوەی کەس تەداخولم بکات، بۆنمونە قەزیەیەک رودەدجات لەناوچەی پشدەر یەکێک لەبەرپرسەکان لەپشتی ئەم قەزیەوەیە من دەچم بەهانای ژنەکەو کەبەرپسێک لەپشتیەوەیەتی من وەک ژنێک ناتوانم هیچ بکەم ئەگەر یاسایەکم لەپشتەوە نەبێت، ئەمە کێشەکە درووست دەکات، من قەزیەیەکم لەلایە لەلایەن گەورەترین دەسەڵاتەوە دیفاعی لێدەکرێت، ئێمەچەندین جار لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەمان کردووە قبوڵی نەبووەو رەدی کردۆتەوە پێموتوون وەرە کاری پێبکەن باهەر قسەنەبیچت چونکە قسە ئاسانەو هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات وەرن بابەعەمەلی بیکەین..من لەم ماوەی پێشوودا لەرادیۆوە چاوپێکەوتنم هەبوو پیاوێم پەیوەندی پێوەکردم وتی کچەکەی من لای تۆیە تاوانبارە دەبێت تەسلیمم بکەیتەوە باشە ئەم پیاوە راکردووە لەیاسا لەکوێ خۆی شاردۆتەوە ئەگەر کەسێکی دەسەڵاتدار لەپشتیەوە نەبێت.. کێشەکە لەوەدایە دەسەڵاتی تاکەکەسێک لەحزبدا توانیی دەسەڵاتی هەموو حزبی هەیە بەتایبەت لەناوچە عەشایریەکاندا خۆشتان دەزانن حزب پێویستی بەپاڵپشتی هێزە عەشایرەکان هەیە ئیتر لەو بەینەدا ژن ئەفەوتێت یان تیا دەچێت ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە.**

**ئیدریس: شیلان خان رۆڵی ئاین چۆن دەبینی لەبەرهەمهێنانی توندوتیژیدا بەرامبە بەژنان؟**
**شیلان: ئەگەر خوێندنەوەیەکی زانستیانە بۆ ئاینە ئاسمانیەکان بکەین ئەبینین ئەو مافەی کە ئینسان پیویستیەتی ندراوە بەئافرەت.. هەرلەساتەوەختی کەوتنە خوارەوەی ئادەمو حەوا بۆسەر زەوی ململانێیەکی زۆر کەوتە نێوان ژنو پیاوەوە، پلەیەک دراوە بەپیاو پلە دوو دراوە بەژن، هەموو ئاینەکان بەیەکسانی مافەکان دەداتە پیاو بەپێچەوانەی ژنان دەبێت هەمیشە لەپشتەوەی پیاوانەوە کار بکەن ئەگەرچی رۆڵیشیان هەبووبێت بەڵام رۆڵەکەیان بەسەرەکی نەناسراو بۆیە ژنان هیچ رۆڵێکیان نەبووە لەئاینەکاندا، ئەمەش وای کردووە سەرباری بوونی تێکستی ئاینی بەجۆرێک لەجۆرەکان باس لەیەکسان بوونی مرۆڤ دەکات بەلام بەشێوازێکی تر تەفسیری بۆکراوە. لەبەر ئەوە لەهەرەمی ئاینەکاندا یەک ژن نابینیتەوە، هەربۆیە ئەبینین لەدرووست بوونی یەکەمین ئاینەوە تادەگاتە ئیسلام مافی تەواوی نەداوە بەژن، بەڵکو ژن وەکو نەفرەت لێکراوێکو پاشکۆیەکی شەیتان تەماشای کراوە.. لەوروانگە ئاینیەشەوە کۆمەڵ وای لێدێت نەفرەت لەژن بکات چوکە پێیان وایە بوونی ژن عەیبەیە چوونە دەرەوە قسەکردن هەڵسوکەوت جەستەی هەر عەیبەیە لەژێر سێبەری ئاینەکاندا هەمووشتێک بۆ ژن عەیبەیە.. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبینین ژنان لەپیاوان زیاتر پابەندن بەئاینەوە و زیاتر لەپیاوان لەخواترسنو یاسا ئاینیەکان جێبەجێدەکەن تەنها بەو هیوایەی خوای گەورە یەکسانیو دادپەروەرییان بۆ فەراهەم بکات.. بەڵام من جگە لەئاین رەهەندێکی مەترسیدارتر دەبینم لەکوردستاندا سەریهەڵداوە ئەویش مەسەلەی درووستبوونی عەشیرەتگەرایە، کەلەلایەن دەسەڵاتو حزبەوە دەعم دەکرێنو پاڵپشتی بۆدەکرێتو تەکیەو دیوەخاننەیان بۆ دەکرێتەوە، هەر لەودیوەخانانەدا بڕیار لەسەر چارەنووسی ئافرەت دەدرێت، عەشیرەتو بنەماڵ کۆدەبنەوە بڕیار لەسەر کوشتنو لوتبڕینی ژنان دەکەن، ئێمە لەپاش پانزە ساڵ لەراپەڕینو ئازادیو ئەو هەموو بانگەشە گەورانە تازە بەتازە کۆدەبینەوەو عەشیرەت زیندوو دەکەینەوە؟ لەناو ئەو عەشیرەتانەدا ژن کاوەتە مەڕو مالات جاران کێشەیەکی عەشایری روویدابایە بەمەڕو ماڵات چارەسەریان دەکرد، بەوڵام ئێستا ژن ئەو رۆڵەی مەڕو ماڵات دەبینێتن حزبەکەنا دەیان هەزار دۆلار دەدەنە دیوەخانەکان ، لەراستیدا دیوەخانەکانیش هیچ نین جگە لەقەسابخانەیەک بۆ ژنان.**
**ئیدریس:لەیلا خان ئێوە بەوپیچیەی سەربەحزبێکی دەسەڵاتدارنو حکومەتیشن بۆچی لەنزیکەوە داواتان لێنەکردوون واز لەهاوکاریکردنی ئەو عەشرەتانە بهێنن، چونکە وەک شیلان وتی ئەمانە ناوەندێکن زیاتر بۆ قەسابخانەی ژنا دامەزراون؟**
**لەیلا خان:ئێمە لەراگەیاندنەکانی خۆمانەوە وەک یەکێتی ژنانی کوردستان بەردەوام قسەمان لەسەر ئەو کیچەو مەسەلانە کردووە، چونکە بەراستی زۆرێک لەو کەیسانەی کەدێنە لامان لەودیوەخانو عەشایرانەوە بڕیاریان لەسەر دراوە..بەڵام ئایا بیرکردنەوەی حزبی ئەوەی بۆ مەسەلەی تەکەتولو ئەمشتانەی هەبێت لەدەسەڵاتەکەی خۆی وای کردووە کە نەتوانن گرنگی بەرێکخراوە ژنانیەکەی خۆی بدات.**

ئیدریس: جا ئەگەر ئەزانیت خزبەکەتان وابی دەکاتەوە بۆچی رێکخراوەکەتان سەر بەو حزبەیە؟
لەیلا خان: ئەم رێکخراوەی من لەشاخ درووست بووە کە ژمارەیەکی زۆر کەم پێشمەرگەی ژن بووین دیارە حزبەکەمان هەوڵی دا کە رێکخراوێکی لەم شێوەیە درووست ببێ بەڵام من بەئەمانەتەوە پێت دەڵێم حەتمەن ئێمە ئەم ناوەمان هەر پێوەیە دلنیاتدەکەمەوە هەر سکرتاریەتەوە تا لقەکانمان بەپشتیوانی حزب کارناکەین چونکە تۆ سەیرکە ئەم سەنتەرەی ئێمە یەکەم سنەتەر لەشەرقی ئەوسەتدا کەبتوانێت ئەو ژنانە بگرێتە خۆی کەمەترسی لەسەر ژیانیان هەیە.
ئیدریس: ببورە ئیوە یەکەم رێکخراو نەبوون.. لەناوەراستی نەوەدەکاندا رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان سەنەری پارێزگاری لەژنانیان دامەزراندو چەندین ژنیان لە لەکوشتن رزگار کردو کێشەی چەندینی تریشیان لەرێگەی یاساییەو چارەسەر کرد. ببورن کاتمان لێگرتن زۆر سوپاستان دەکەین بەناوی ئالای ئازادیەوە .

ئیدریس: لەیلاخان بەراستی ئێمە کۆمەڵێک ژنمان هەیە کەبەجدی کار بۆ مەسەلەی ژنان دەکەنو هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ژنانن بۆچی ئەم کەسەباشانە ناچنە ناوەندەکانی بڕیاردان؟ ئایا پێتوانییە چونکە حزب پیاوسالارە ئەوژنانە دەباتە ناوپەرلەمان کە وەک پیاو بیردەکەنەوە؟
لەیلا:هەردووحزبە باڵادەستەکە رۆڵی خۆیان هەیە بانمونەیەکت بۆ بێنمەوە هەردوو بڕیاری 62 لەگەڵ 59 کەدژی توندوتیژیە یاخود کوشتن لەسەر شەرەف ئەمە بڕیارێک بوو لەسلێمانی دەرچوو، لەهەولێر ئەسڵەن حیساب بۆ ئەم بڕیارە ناکرێت ئێستاش کەئەم دووحکومەتە بوونەتە یەک ئەم بڕیارە وردە وردە خەریکە لەبەین دەچێت، بۆمەسەلەی فرەژنیەکەش کە 62 وە لێرە کاری پێدەکرێت لەوێ پێی ناکرێت، کەواتە ئەم بڕیارە دەچێت یان نا چ حسابێکی بۆ دەکرێت، بێگومان لێرەشدا حزب رۆڵی خۆی هەیە، بۆنمونە ئێستا من باس لەرێکخراوی خۆمان دەکەم وەک بەڕێوەبەری سەنتەرێک سەڵاحیەتی تەواوم هەیە ئەگەر تائێستا تەداخولی قەزیەیەکی ژنێکم کردبێت لەمەحاکمو شورتەدا لەسەر ئەوەی توندو تیژی لەگەڵدا کرابێت هیچ کەسێک رێگرم نەبووە وەبەتەحەداشەوە دەڵێم تائێستا 275 قەزیەم لەلابووە توانیومە زۆبەیان چارەسەر بکەم تەنها 18 قەزیەم لەلاماوە، وەتوانیویمە تەداخولی گەرەترین قەزیە بکەم بەبێ ئەوەی کەس تەداخولم بکات، بۆنمونە قەزیەیەک روودەدات لەناوچەی پشدەر یەکێک لەبەرپرسەکان لەپشتی ئەم قەزیەوەیە من دەچم بەهانای ژنەکەو کەبەرپرسێک لەپشتیەوەیەتی من وەک ژنێک ناتوانم هیچ بکەم ئەگەر یاسایەکم لەپشتەوە نەبێت، ئەمە کێشەکە درووست دەکات، من قەزیەیەکم لەلایە لەلایەن گەورەترین دەسەڵاتەوە دیفاعی لێدەکرێت، ئێمەچەندین جار لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەمان کردووە قبوڵی نەبووەو رەدی کردۆتەوە پێموتوون وەرە کاری پێبکەن باهەر قسەنەبێت چونکە قسە ئاسانەو هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات وەرن بابەعەمەلی بیکەین..من لەم ماوەی پێشوودا لەرادیۆوە چاوپێکەوتنم هەبوو پیاوێک پەیوەندی پێوەکردم وتی کچەکەی من لای تۆیە تاوانبارە دەبێت تەسلیمم بکەیتەوە باشە ئەم پیاوە راکردووە لەیاسا لەکوێ خۆی شاردۆتەوە ئەگەر کەسێکی دەسەڵاتدار لەپشتیەوە نەبێت.. کێشەکە لەوەدایە دەسەڵاتی تاکەکەسێک لەحزبدا توانیی دەسەڵاتی هەموو حزبی هەیە بەتایبەت لەناوچە عەشایریەکاندا خۆشتان دەزانن حزب پێویستی بەپاڵپشتی هێزە عەشایرەکان هەیە ئیتر لەو بەینەدا ژن ئەفەوتێت یان تیا دەچێت ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە.

ئیدریس: شیلان خان رۆڵی ئاین چۆن دەبینی لەبەرهەمهێنانی توندوتیژیدا بەرامبە بەژنان؟
شیلان: ئەگەر خوێندنەوەیەکی زانستیانە بۆ ئاینە ئاسمانیەکان بکەین ئەبینین ئەو مافەی کە ئینسان پێویستیەتی نە دراوە بەئافرەت.. هەرلەساتەوەختی کەوتنە خوارەوەی ئادەمو حەوا بۆسەر زەوی ململانێیەکی زۆر کەوتە نێوان ژنو پیاوەوە، پلەیەک دراوە بەپیاو پلە دوو دراوە بەژن، هەموو ئاینەکان بەیەکسانی مافەکان دەداتە پیاو بەپێچەوانەی ژنان دەبێت هەمیشە لەپشتەوەی پیاوانەوە کار بکەن ئەگەرچی رۆڵیشیان هەبووبێت بەڵام رۆڵەکەیان بەسەرەکی نەناسراو بۆیە ژنان هیچ رۆڵێکیان نەبووە لەئاینەکاندا، ئەمەش وای کردووە سەرباری بوونی تێکستی ئاینی بەجۆرێک لەجۆرەکان باس لەیەکسان بوونی مرۆڤ دەکات بەڵام بەشێوازێکی تر تەفسیری بۆکراوە. لەبەر ئەوە لەهەرەمی ئاینەکاندا یەک ژن

نابینیتەوە، هەربۆیە ئەبینین لەدرووست بوونی یەکەمین ئاینەوە تادەگاتە ئیسلام مافی تەواوی نەداوە بەژن، بەڵکو ژن وەکو نەفرەت لێکراوێکو پاشکۆیەکی شەیتان تەماشای کراوە.. لەوروانگە ئاینیەشەوە کۆمەڵ وای لێدێت نەفرەت لەژن بکات چوکە پێیان وایە بوونی ژن عەیبەیە چوونە دەرەوە قسەکردن هەڵسوکەوت جەستەی هەر عەیبەیە لەژێر سێبەری ئاینەکاندا هەمووشتێک بۆ ژن عەیبەیە.. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبینین ژنان لەپیاوان زیاتر پابەندن بەئاینەوە و زیاتر لەپیاوان لەخواترسنو یاسا ئاینیەکان جێبەجێدەکەن تەنها بەو هیوایەی خوای گەورە یەکسانیو دادپەروەرییان بۆ فەراهەم بکات.. بەڵام من جگە لەئاین رەهەندێکی مەترسیدارتر دەبینم لەکوردستاندا سەریهەڵداوە ئەویش مەسەلەی درووستبوونی عەشیرەتگەرایە، کەلەلایەن دەسەڵاتو حزبەوە دەعم دەکرێنو پاڵپشتی بۆدەکرێتو تەکیەو دیوەخانانەیان بۆ دەکرێتەوە، هەر لەودیوەخانانەدا بڕیار لەسەر چارەنووسی ئافرەت دەدرێت، عەشیرەتو بنەماڵ کۆدەبنەوە بڕیار لەسەر کوشتنو لوتبڕینی ژنان دەکەن، ئێمە لەپاش پانزە ساڵ لەراپەڕینو ئازادیو ئەو هەموو بانگەشە گەورانە تازە بەتازە کۆدەبینەوەو عەشیرەت زیندوو دەکەینەوە؟ لەناو ئەو عەشیرەتانەدا ژن کراوەتە مەڕو مالات جاران کێشەیەکی عەشایری روویدابایە بەمەڕو ماڵات چارەسەریان دەکرد، بەڵام ئێستا ژن ئەو رۆڵەی مەڕو ماڵات دەبینێت حزبەکان دەیان هەزار دۆلار دەدەنە دیوەخانەکان، لەراستیدا دیوەخانەکانیش هیچ نین جگە لەقەسابخانەیەک بۆ ژنان.

ئیدریس:لەیلا خان ئێوە بەو پێیەی سەربەحزبێکی دەسەڵاتدارنو حکومەتیشن بۆچی لەنزیکەوە داواتان لێنەکردوون واز لەهاوکاریکردنی ئەو عەشرەتانە بهێنن، چونکە وەک شیلان وتی ئەمانە ناوەندێکن زیاتر بۆ قەسابخانەی ژنان دامەزراون؟

لەیلا خان:ئێمە لەراگەیاندنەکانی خۆمانەوە وەک یەکێتی ژنانی کوردستان بەردەوام قسەمان لەسەر ئەو کێشەو مەسەلانە کردووە، چونکە بەراستی زۆرێک لەو کەیسانەی کەدێنە لامان لەودیوەخانو عەشایرانەوە بڕیاریان لەسەر دراوە..بەڵام ئایا بیرکردنەوەی حزبی ئەوەی بۆ مەسەلەی تەکەتولو ئەمشتانەی هەبێت لەدەسەڵاتەکەی خۆی وای کردووە کە نەتوانن گرنگی بەرێکخراوە ژنانیەکەی خۆی بدات.

ئیدریس: جا ئەگەر ئەزانیت خزبەکەتان وابیر دەکاتەوە بۆچی رێکخراوەکەتان سەر بەو حزبەیە؟

لەیلا خان: ئەم رێکخراوەی من لەشاخ درووست بووە کە ژمارەیەکی زۆر کەم پێشمەرگەی ژن بووین دیارە حزبەکەمان هەوڵی دا کە رێکخراوێکی لەم شێوەیە درووست ببێ بەڵام من بەئەمانەتەوە پێت دەڵێم حەتمەن ئێمە ئەم ناوەمان هەر پێوەیە دلنیاتدەکەمەوە هەر لە سکرتاریەتەوە تا لقەکانمان بەپشتیوانی حزب کارناکەین چونکە تۆ سەیرکە ئەم سەنتەرە ی ئێمە یەکەم سەنتەر لەشەرقی ئەوسەتدا کەبتوانێت ئەو ژنانە بگرێتە خۆی کە مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە.

ئیدریس: ببورە ئێوە یەکەم رێکخراو نەبوون.. لەناوەراستی نەوەدەکاندا رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان سەنگەری پارێزگاری لەژنانیان دامەزراندو چەندین ژنیان لە لەکوشتن رزگار کردو کێشەی چەندینی تریشیان لەرێگەی یاساییەو چارەسەر کرد. ببورن کاتمان لێگرتن زۆر سوپاستان دەکەین بەناوی ئاڵای ئازادیەوە.